# کۆتایی هێنان بە بار ودۆخی مەرگهێنەر لە عێراق دا گرێ دراوە بە دەخالەتی لایەنە سۆشیالیست و کۆمۆنیست و ئینسانی یەکان

## بەرەو ڕزگار کردنی دەست بە جێ ی کۆمەڵگای عێراق

بارودۆخێك کە خەڵکی عێراق تێدا ژیان بە سەر دەبات ڕۆژ لە دوای رۆژ خراپتر دەبێ شەڕی نێوان باڵەکانی تیرۆریزمی جیهانی وەحشیانە تر دەبێ , ئەوە لە عێراقدا بە تاییەت وە هەنگاوی ناوە بەرەو جەنگێکی دینی و تایفی سەرتاسەری وە زەەنگێکە بۆ ڕوودانی کارەساتی گەورەتر کە ملیۆنەها کەس ببنە قوربانی بە هۆی بوونی ئەو دوو باڵەی تیرۆریزمی جیهانی و تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی.

دواترین ڕووداو ئە و تاوانە سامناکانە بوو کە بە هۆی ئەو هێرشە تیرۆریستانە ی باندەکانی ئیسلامی لە کەربەلا و بەغدا ئە نجامیاندا کە بووە هۆی زیانێکی گەورە لە ناو خەڵکی مەدەنی و کرێکاراندا . وە لە هەمان رۆژدا فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی دڕندانە دەستیان کرد بە بۆردومانی ماڵەکانی الاسحاقی کە دەیان کوژراو و بریندارى لێ کەوتەوە زۆربەیان منداڵ و ژن بوون . لەهەمان کاتدا ئەم کارە وەحشیانە ڕوودەدا , کاری تەقانەوەو یەکتر کوشتن و بۆردومان و کوشتار لە سەر بنەمای تایفی و مەزهەبی لە عێراقدا وە لە سەر دەستی هەردوولای تیرۆریست درێژەی پێ ئەدرێ و بەردەوام دەبێ.

ئەوەی کە لە عێراقدا پێی دەووترێ دەوڵەت پێکهاتەیەکە لە میلیشیاتی تایفی _قەومی دژ بە یەك هەر لە موقتەدی سەدرو عەبدوالعزیز الحکیم میلیشیاکانیان ( سوپای مەهدی ) و ( هێزەکانی بەدر ) ەوە بگرە تا ئیسلامیەکان و ناسیونالیستەکانی وەك حارس ئەلزاری وسالح ئەلموتلەق و ڕێکخراوەکانیان ( زانایانی ئیسلامی ) و ( ئەلتەوافق العراقیە ) تا ( پێشمەرگە ) ی کورد و تا دەگاتە پلە و پایەکانی سەرۆکی ( پەرلەمان ) ( سەرۆك وەزیران ) و ( سەرۆك کۆمار ) هەموو ئەمانە دابەش کراون لە سەر بنەمای مەزهەبی و قەومی . تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکا ئەم سەرۆکی میلیشیانەی هێنا کردنی بە دەسەڵاتدار بە سەر خەڵکەوە لە هەڵبژاردنێکی نا شەرعیدا لە ژێر لوولەکانی دەبابەو زاڵ بوونی فەزایەکی ترس و تیرۆر و کوشتن و یەکتری هەڵپاچیندا .

ئەم میلیشیانە هیچ پەیوەندیەکیان نیە بە بەرژەوەندی خەڵکەوە ئەمانە بکوژی خەڵکن و کۆمەڵگا خاپور دەکەن .ئەم میلیشیانە لایەکن لە پێکهێنەرانی سیناریۆی ڕەش کە عێراقی داگرتووە لایەکەی تری بریتیە لە داگیرکەرانی ئەمەریکی وبەریتانی .ئەم میلیشیانە ناتوانن جێگای دەوڵەت بگرنەوە هەر چەندە ئەمریکا هەوڵی داوە ئەو میلیشیا دینی و قەومیانە لە دەوری یەك کۆبکاتەوە . دین و تایفە پەرستی و ناکۆکی یە قەومی و دینی یەکان بنەماو بنەرەتی ئاسۆ و ڕێبازی کاری ئەم هێزە سیاسیانەیە کە زۆر دوورن لەوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە سەر بنەمای هاووڵاتی بوون و کۆتایی هاتن بە ئاپارتاید و ستەم و بەدی هێنانی ئاسایش دا بمەزرێنن .ئەم میلیشیا دەسەڵاتدارانە ڕێگا خۆشکەر بوون بۆ ئەوەی کۆمەڵگا زیاتر تێك بدرێ بە سەر یەکدا ئەویش بە لەت لەتکردنی ,وە مینبەرە کۆ نە پەرستەکانیان بە کار هێناوە بۆ پێکهێنانی ( تاقمەکان ) و ( پێکهاتەکان ) و ( بەش بەشەکان ) ی دینی و قەومی . ئەوە ی کە نیە لە سیاسەتی ئەمانەدا و بەرچاو ناکەوێ مافی یەکسانی هاووڵاتیانە ومافی مەدەنی و کۆمەلایەتی و فەردی و خەڵکی ستەمدیدەیە .

لە لایەکی ترەوە ئاڵوگۆڕە سیاسی یەکان لە پێکهاتەی دەسەڵاتدارێتی ئەمریکا نەك هیچ کارێك ناکاتە سەر وەستانی شەڕی تایفی و کوشتار و تیرۆر و تێکرمانی رۆژانە ,وە چارەسەر نی یە, بەڵکو مەینەتیەکانی خەڵك زیاتر دەبێ . ئەو پێشنیارانەی لە لایەن هەندێ کەسی سەر بە دەسەلاتی حکومەتی ئەمریکیەوە کراون نیشانەی پێ نەبوونی چارەسەرە بۆ سیناریۆی رەش وە بۆ خراپتر کردنی بار و دۆخەکەیە وە زیاتر کردنی پێکدادانە لە گەڵ باڵی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی وە ڕوودانی کارەساتی مەرگ هێنەرە بۆ خەڵکی .

کۆتایی هێنان بەم بارودۆخەی ئێستا گرێدراوە بە دەخالەتی ئێمەوە . پێویستە لە سەرمان کار بکەین بۆ ڕزگار کردنی خەڵك لە چارەنوسی نادیاری خۆی. کۆتایی هێنان بە سیناریۆی رەش ئەوە دەخوازێ کە سەرجەم لایەنە ئینسانیەکان و موتەمدینەکان و

**لایەنە عەلمانی و کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکان کۆ بنەوە لە دەوری قوتبێکی تر و ئۆردوگایەکی تر بۆ پاشەکشە پێکردنی دوو قوتبە تیرۆریستەکەی تر لە عێراقدا . رزگار کردنی خەڵکی عێراق لە لەت بوون و شەڕی دینی و مەزهەبی بە ئەرکی دەست بە جێ ی کۆ مۆنیستانەو سۆشیالیستانەی خۆمانی دەزانین . داخوازیەکانی خۆمان لە خوارەوە ڕادەگەیەنین وە دیخەینە بەردەم هەموو لایەنە سیاسی و ئینسانیەکان لە عێراق و ناوچەکەو هەموو جیهان بۆ ئەوەی کاری لە سەر بکرێ و داسە پێنرێ:**

1_**چوونە دەرەوەی دەست بەجێی هێزە داگیر کەرەکان لە عێراق , وە لە جێگەیدا هێزەکانی ئاشتی پارێز سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بنرێ بە مەرجێ هیچکام لە هێزە داگیرکەرەکان وە ئەو دەوڵەتانەی ناوچەکە کە یارمەتی دەری ئیسلامی سیاسین لە عێراقدا بەشدار نەبن لە ناو ئەو هێزی ئاشتی پارێزەدا .**

2_**چەکداماڵینی ئەو لایەنە قەومی دینی یانە کە لە دوای رووخانی رژێمی بەعس دەستیان سوور بووە بە خوێنی هاو وولاتیان .**

3_**دادگایی کردنی بەپرسانی هێزە سەربازی یەکانی داگیرکەران و هەروەها هێزە دینی و قەومی یەکانی تر لە بەر ئەوەی تاوانباری جەنگن .**

4_ **زەمانەتی بار و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکرێ تا هەموو هێزە سیاسیەکان ئازادانە هەڵسورانی سیاسیان ببێت لە فەزایەکی ئارامدا وە بوار بدرێ بە خەڵکی بە شێوەیەکی ئازادانەو ئاگایانە بەشداری بکەن لە دیاری کردنی حکومەتی خوازراوی خۆیان .**

**حیزبمان لەم بار و دۆخەدا تێ دەکۆشێ لە پێناو حکومەتێکی عەلمانی غەیرە دینی و غەیرە قەومی و سۆشیالیستیدا .**

**بانگەوازی جەماوەر دەکەین لە دەوری حیزبمان کۆ بنەوە , هەروەها سەرجەم لایەنە سیاسیە ئازادیخوازەکان و سۆشیالیستەکان و کرێکاری یەکان لە عێراق و ناوچەکە وجیهان بانگەواز دەکەین لە دوەری ئەو خواستانە کۆ بنەوە و وە پشتیوانی بکەن لە پێکهێنانی قوتبێکی تری جیهانی سەربەخۆ و ئازادیخواز کە لە بەرانبەر هەردوو قوتبی تیرۆریستی ڕابوەستن و ڕێگای ڕزگار کردنی خەڵکی عێراق و ناوچەکە بگرنە بەر .**

## حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چە پی عێراق

2006_12_15

**تێبینی :_**

**وەرگێڕ لە عەرەبی یەوە سەردار عبدولا حەمە**